Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# بردنەوەی گەمەی سیاسی لە عێراق

**Author:** Hiwa Osman

پێویستە لایەنە بچووکەکان پاڵپشتیی لە یەکێك لە دوو لایەنە سەرەکییەکی عێراق بکەن و بەو هەنگاوە کۆتایی بە قەیرانی پێکهێنانی حکومەت بهێنن.

پێدەچێت لەئێستادا گشت لایەنەکانی عێراق لە دانووستانە گیرخواردووەکانیاندا سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی چووبێتنە ناو یارییێکی ئاڵۆزەوە.

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە مانگی ئادار، پێشبڕکێ بەدەوری پۆستی سەرۆك وەزیراندا چڕبۆتەوە و هەر یەکە لە نوری مالیکی، سەرۆکی دەوڵەتی یاسا، لەگەڵ ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە، لەسەر بەدەستهێنانی ئەو پۆستە پێشبڕکێ دەکەن.

لایەنەکانی تر خۆیان بەدوورگرتووە و تا ئێستا نەچوونەتە پاڵ یەکێك لەم دووانە. لەکاتێکدا رەنگە ئەو بڕیارەی لایەنەکانی تر بۆ ئەوەبێت بتوانن باشترین دەرفەت بۆ خۆیان بڕەخسێنن، بەڵام دوودڵبوونیان و هەڵنەبژاردنی یەکێك لەو دوو لایەنە سەرەکییە تەنها درێژە بە قەیرانی سیاسی دەدات.

ئەم جۆرە رەوشە دەچێتە قاڵبی بیردۆزێك کە بە هاوسەنگیی ناش ناسراوە و تایبەتە بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ. بیرۆکەی ئەو هاوسەنگییە، کە بەناوی جۆن فۆربز ناش کراوە کە لە ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی داهێنانی ئەو هاوسەنگییەوە خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، پێکهاتووە لە یارییەك تیایدا مەزەندە دەکرێت هەر یاریزانێك بزانێ ستراتیژیی ئەوانی تر چییە و هیچ شتێکیش بەدەستناهێنێت ئەگەر ستراتیژیی خۆی تاکلایەنانە بگۆڕێت.

ئەگەر لە ئاوێزەی بیردۆزی ئەو یارییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، دەکرێت بڵێین عەلاوی باشترین رێگای گرتۆتەبەر کاتێك سوورە لەسەر مافی پێکهێنانی حکومەت، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە لیستەی بە رێژەیەکی کەم زۆرترین کورسی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەدەستهێناوە.

عەلاوی لە هەر هەنگاوێکدا کە دەیگرێتەبەر پێویستە خواستی مالیکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران و بڕیاری خۆبەدوورگرتنی لایەنەکانی تر لە شەڕەکە لەبەرچاو بگرێت.

مالیکیش لەلایەن خۆیەوە باشترین بڕیاری داوە لەڕێی سووربوونی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئەویش لە ستراتیژیی خۆیدا پێویستە نیازەکانی عەلاوی و هەڵسوکەوتی گروپە سیاسییەکانی تر بەهەند وەربگرێت.

بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین کوتلەکانی تریش باشترین بڕیاریان داوە لەڕێی دوورکەوتنەوەیان لەو ناکۆکییە و سەیری هەموو هەنگاوێکی مالیکی و عەلاوی دەکەن و پلانیشیان داڕشتووە بۆ ئەوەی کاتێك یەکێك لەم دوانە بردیەوە پاڵپشتی لێ بکەن.

بەم شێوەیە بیردۆزی ناش پێدەچێت وەسفێکی گونجاوبێت بۆ رەوشی ئێستا. بەڵام نابێت ئەو رەوشە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت.

پێدەچێت عەلاوی و مالیکی هیچ چارەیەکیان نەبێت جگە لە سووربوونیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستە و راگرتنی باڵانسەکە. بەڵام لایەنەکانی تر، بە کوردیشەوە، دەتوانن تا رادەیەکی زۆر سوودمەند بن لەڕێی گۆڕینی ئەو هاوسەنگییە و دەتوانن بەهێزێکی زۆرەوە کە تونای یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانیان هەبێت بێنە پێشەوە.

هەڵبژاردنی بێ لایەنی و چاوەڕێکردن تا یەکێك دەیباتەوە تەنها لە کاتێکدا مانایان هەیە ئەگەر رووبەڕووبوونەوەکە ماوەیەکی کەم بخایەنێت. رەوشەکە لە عێراق لەوە دەرچووە. لەکاتێکدا گرژیی نێوان هەردوو کوتلە سەرەکییەکە تا دێ بەهێزتر دەبێت، ئەوانەی کە خۆیان بەدووردەگرن مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت پەیوەندییان بە رەوشەکەوە بپچڕێت.

ئەگەر لایەنی سێیەم بێتە پێشەوە و بچێتە پاڵ عەلاوی یان مالیکی، ئەو کاتە رەنگە بکەوێتە بەرەی براوە و پێگەیەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات کە بتوانێ بەڵێن لە لایەنەکانی تر وەربگرێت و رۆڵێکی سەرەکیش لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگێڕێت. تەنانەت ئەگەر لایەنی سێیەم لەو هەوڵەیدا شکستیخوارد و کەوتە بەرەی لایەنی دۆڕاو، دەتوانێ لە پەرلەمانی عێراقدا سەنگی خۆی بگێڕێتەوە لەبەرامبەر گواستنەوەی سەنگەر بۆ لایەنی براوە.

کورد و لایەنەکانی تر هەلێکی نایابیان لەپێشە تا بیقۆزنەوە و ببن بە هێزی یەکلاکەرەوە و کۆتایی بەو قەیرانە بهێنن. ئەمە هەلێکە پێویستە لەدەستی نەدەن.

لە کاتی ناکۆکیدا، ئەوانەی کە بڕیاردەدەن لە ناوەڕاستدا بمێننەوە یان خۆیان بەدوور دەگرن هەمیشە رۆڵی بینەریان دەبێت.

لە هەموو یارییەکیشدا، بینەران بەگشتی هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

هیوا عوسمان راوێژکاری باڵای IWPRە له بواری راگەیاندن له عێراق.
ئەو بۆچوونانەی لەم وتارەدا گوزارشتیان لێ کراوە مەرج نییە هی IWPR بن.

**Location:** Iraq
**Topic:** Elections

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-

voices/%D8%A8%D8%B1%D8%AF%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C%DB%8C-
%DA%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%85%D9%87%E2%80%8C%DB%8C-%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C-
%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82